دەستگیرکردنی کەسێک لەکەرکوک کە خۆی وەکو ئەفسەر ناساندووە

ئەمە یەکشەممە،بەرەوبەرایەتی گشتی ئاسایش و زانیاریەکان وەزارەتی بەرگری دەستگیرکردنی کەسێکی راگەیاند،کە خۆی وەک ئەفسەر بە پلەی عەمید لە کەرکوک ناساندوە و تەمەتبارەکە چەندین کردەوەی ساختەکاری ئەنجامداوە و بە تەمەتی جەراوجەر لەلایەن دەسەلاتی دادوەری داواکراوبووە . لە بەیاننامەیەکی بەرەوبەرایەتییەکەدا هاتووە:-هێزەکانی بەرەوبەرایەتی ئاسایشی و هەواڵگری کەرکووکی سەر بە بەرەوبەرایەتییەکە توانیان تەمەتبارێک دەستگیربکەن کە خۆی وەک ئەفسەرێک نیشانداوە بە پلەی عەمید،هەروەها چەندین کردەوەی پێچەوانەی یاسا ئەنجامداوە و سەرپەرشتی تەکی ساختەکاری کردوە لە پارێزگای کەرکوک. وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:-تەمەتبارەکە بەپێی چەندین دەسیەی جیاواز چەندین فەرمانی دەستگیرکردنی بە دەرچووە، و دەستگیرکردنەکە لەگەڵی بەسەیکی وردەوە لەسەنتەری شاری کەرکوک ئەنجامدراوە،کە لەلایەن هێزەکانی بەرەوبەرایەتیەکەوە کە ئاماژەی پێدرا ، بە هەماهەنگی لەگەڵ فەوجێکی فەرماندەیی ئەپراسیۆنەکانی کەرکوک و هێزی سوات و فەرماندەی پۆلیسی کەرکوک و مەفرەزێک لە بەرەوبەرایەتی گشتی ئەپراسیۆنەکانی ئاسایش بەرەوچووە. هەروەک تەمەتبارەکە دانی بەوەداناوە کە چەندین تاوانکاری لە چەند پارێزگایەک ئەنجامداوە،بەیاننامەکە جەختیشیکردەتەوە تەمەتبار دەخرێتە بەردەم دەسەلاتی دادوەری بە وەرگرتنی سزای تاوانەکانی.